# پوختەی چیرۆکی سەیفولملووک و بەدیعولجەمالی سیاهپۆش بە سۆرانی

**مادێح پیریۆنسی**
**(کەنەدا)**

سیاهپۆش شاعیرێکە کە لە مێژوودا ون بووە و پێویستە لە وێژەدا بدۆزرێتەوە. سیەهپۆش، یان سیاهپۆش شاعیری مەنزوومەی "سەیفولملووک و بەدیعولجەمال"ـە کە زانیارییەکی زۆر لەسەر ژیانی لە بەردەستدا نییە، ئەوەی کە دەیزانین ئەوەیە شاعیرێکی کرمانجی کلاسیکی سەدەی نۆزدەم بووە، هەندێک وتوویانە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و خەڵکی ناوچەی ورمێ (ئورمیە)یە، یان تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕە، بەڵگەکان بۆ ئەم قسەیە یەکەم زاراوەکەی و دووەم دوو شیعری خودی سیاهپۆشە. هەندێک کەسیش بە خەڵکی باکوور و دیاربەکریان زانیوە. ساڵی لەدایکبوونی بەبۆچوونێک ١٧٧٩ و بەبۆچوونێکی تر ١٨٢٠ی زایینییە، سیاهپۆش غەزەل و مەسنەویی کرمانجی لێ بەجێ ماوە، لە شیعرەکانیدا زۆر کەڵکی لە وشەی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێشی مەسنەویی سەیفولملووک و بەدیعولجەمال ئەوەیە کە سیاهپۆش لە نێوان بەیتەکانی مەسنەوییەکەدا، غەزەلی نووسیوە کە یەکگرتنی غەزەلەکان لەگەڵ چیرۆکەکەدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە، پێویستە بوترێت کە بە پێچەوانەی هەندێک لە کارە هاوچەشنەکان، لێرە کێشی غەزەلەکان لەگەڵ مەسنەوییەکەدا یەکێک نین، چیرۆکەکە لە زۆر شوێندا وشە و دەستەواژەی سیمبۆلیک و عیرفانی تێدایە و سیاهپۆش زۆر جار بە نهێنی و ئاشکرا ئامۆژگارییە ئەخلاقی و عیرفانییەکانی ئاراستەی خوێنەر دەکات، بەڵام ئەم نووسراوەیە تەنیا بۆ ناساندنی بەناوبانگترین بەرهەمەکەی سیاهپۆش، واتە چیرۆکی "سەیفولملووک و بەدیعولجەمال"ـە، بۆیە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر شیعری سیاهپۆش و ژیانی لێرەدا پشتگوێ دەخرێن و بۆ دەرفەتێکی باشتر لە داهاتوو دادەنرێت. لە دواییدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم سپاسی بەڕێز محەمەد ساڵح بەدرخان بکەم کە کتێبەکەی سیاهپۆشی پێدام، هەروەها پێویستە بوترێت کە هەموو چیرۆکەکە و غەزەلەکان لەو کتێبە وەرگیراون کە لە بەشی سەرچاوەدا ئاماژەی پێ کراوە.

## سەیفولملووک و بەدیعولجەمال

چیرۆکەکە بە باسی پاشایەک بە ناوی «عاسم»، یان «ئیبنی سەفوان» دەست پێ دەکات کە لە سەردەمی سلێمان پێغەمبەردا دەژی، عاسم موڵک و سامانی زۆری هەیە، بەڵام چون وەجاغی کوێرە و منداڵی نییە لە کاتی پیریدا زۆر پەرۆش دەبێت، ئەو کە ئارەزووی ئەولادی لە

دڵدایە، لە دوای چلەنشینی و پاڕانەوەیەکی زۆر و نەزر و نیازێکی حاتەمیانە ئیلهامی پێ دەکرێت کە کچی پاشای یەمەن بخوازێت کە کوڕێکی لێی ببێت، ئیبنی سەفوان وەزیرەکەی خۆی کە ناوی (سالح)ـە لەگەڵ لێژنەیەکدا بە خەلات و زێڕ و زیوی فراوانەوە دەنێرێتە خزمەتی شاهی قەحتان، پاشای یەمەن، بۆ خوازبێنی کچەکەی، شاهی قەحتان پێشوازییان لێ دەکات و میوانییەکیان بۆ دەگرێت. سیاهپۆش بەم جۆرە کۆڕی میوانییەکەی دەرباری قەحتان شا باس دەکات:

**مەیێ هەفت سال و ساقی چاردە سالە**
**چ خوەش شرب و نەزەر حوسن و جەمالە**
**د دیوانێ گەراندن مـەیفرۆشان**
**دلێ ساحێب کەمالان هاتە جۆشان**
**ب هەڤرا موترباندێ مەست و مەخموور**
**ل سەد ڕەنگ لێ ددان تەنبوور و سەنتوور**
**گەلەک ساحێب کەمال بوون دین و ئەبتەر**
**نەبوون هوشیار ئەسلا تا ب مەحشەر**

پاشای یەمەن ڕازی دەبێت کە کچەکەی پێ بدەن و لە دوای ماوەیەک خودا کوڕێک بە ئیبنی سەفوان و شاژنەکەی دەبەخشێت کە دەبێت بە قارەمانی چیرۆکەکەی سیاهپۆش! ئەم شاهزادە نازدارە هەمان سەیفولملووکە کە چیرۆکەکە باسی داستانی ئەوین و بەسەرهاتەکانی ئەوە، شازادە سەیفولملووک لە منداڵییەوە لەگەڵ سەعدولملووک، واتە کوڕەکەی سالحی وەزیری باوکی گەورە دەبێت و تەواوی پەروەردە و ڕاو و ڕابواردنیان پێکەوە دەبێت، بۆیە ئەم دووانە بۆ یەکتر دەبن بە دوو هاوڕێی گیانی.

شازادە ڕۆژێک بە ڕێکەوت چاوی بە سوورەتێکی لە ڕادەبەدەر جوان دەکەوێت و بە هەزار دڵ عاشقی دەبێت. عیشق شازادە زار و لە هەموو شت بێزار دەکات و دەیکات بە بلبلێکی غەزەلخوێنی لاواز و ساز، تا ئەوەی کە سەعدولملووک پێی دەزانێت و چیرۆکەکە بۆ شاهی عاسم دەگێڕێتەوە، لە دواییدا دەردەکەوێت کە ئەم سوورەتە دەمامکی کچێکە بە ناوی بەدیعولجەمال، یان بینتی شەهباڵ کە کچی شای پەرییانە و لە باخی ئیرەمدایە، هەرچەندە لە جێگە و ناوونیشانی ئەو کچە دەپرسن و بەم لاولادا پەیک دەنێرن هیچی دیکەیان دەست ناکەوێت و حاڵی شازادە تاقانەکەش ڕوو لە خراپ و خراپتر بوون دەکات، بۆیە سەیفولملووک خۆی دێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە تەنیا خۆی دەتوانێت ئەم دەردەی خۆی دەرمان بکات و بە ئیزنی باوکی لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێ و سەروازدا (کە سەعدولملووکیشیان تێدایە) ڕێ دەکەوێت کە بە دووی کچی شای پەرییاندا بگەڕێت، لەم کاتەدا ئاگری فیراقی تاقانە جگەرگۆشە لە دڵی باوکی بەسالاچوو بەر دەبێت.

کەشتییەکەی شازادە لە دوای ڕێگە پێوانێکی زۆر دەگاتە وڵاتی چین، پاشای چین، یان فەغفوور کە دەزانێت نیەتی ئەو کاروانە پاکە و لە وڵاتی میسرەوە هاتوون، بانگیان دەکاتە دەربارەکەی خۆی و وەک میوانگەلێکی بەڕێز خزمەتیان دەکات، لە دوای ڕابواردن و مەینۆشی لە دەرباری فەغفووردا شازادە سەبارەت بە کچی شەهباڵ و باخی ئیرەم لە دانیشتوانی مەجلیسەکە دەپرسێت، بەڵام لێرەشدا هیچ کەس وەڵامی پرسیارەکانی نازانێت، تەنیا کۆمەکێ کە پێی دەکەن ئەوەیە بۆ لای جووتیارێکی پیر ڕەوانەی دەکەن کە سەد و هەشتا ساڵ لە تەمەنی تێپەڕ بووە و دەڵێن ڕەنگە ئەو ناوونیشانی باخی ئیرەم بزانێت، کاتێک کە بۆ لای دەچن، جووتیارە پیرەکە، ئەویش وەڵام نازانێت و قەت ناوونیشانی باخی ئیرەمی نەبیستووە، بەڵام بە شازادە دەڵێت کە ڕەنگە بتوانیت لە شاری قوستەنتەنییە وەڵامی ئەم پرسیارانەت بدۆزیتەوە، بۆیە شازادە ماڵئاوایی لە چین و پاشای چین دەکات و بەرەو قوستەنتەنییە ڕێ دەگرێتە بەر.

لە دوای سوار بوونەوەی کەشتی، شازادە و یارانی تووشی تۆفانێکی سەخت دەبن کە هەندێک لە هاوڕێکانی لەگەڵ چەند کەشتییەکی تردا دەباتە ژێر ئاو، شازادە ئەم تۆفانە بە نیشانەیەکی خودایی بۆ ئاگادار کردنەوەی خۆی دەزانێت و تەواوی ئامرازەکانی "لەهوو و لەعب" و هەموو پیاڵە و فینجانەکان دەخاتە ناو پێلی دەریاوە کە لەوە زیاتر ئەو لە یادی خودا دووری نەخەنەوە، دواتر تووشی با و تۆفانێکی دیکە دەبن و شازادە لە ژێر گرمەی هەور و شەلاقی برووسکە و باراندا بێهۆش دەبێت و کاتێک کە هۆشی دێتەوە بەر، دەبینێت هەموو هاوڕێکانی بێ سەروشوێن بوون و سەعدولملووک هاوڕێی گیانی لە دەوری خۆیدا نابینێت، شازادە حاڵی خراپتر دەبێت و وەک باران بۆ فیراقی یاران فرمێسک هەڵدەڕێژێت و لە داخی دووریی سەعدولملووک نانی بۆ

ناخورێت:

**ژ دەست چوو مەڵهەمێ ئێش و برینێ**

**ب نەرمی گۆت دگەڵ ئاه و گرینێ**

شـەهزادە و ئەو کـەسانە لە هاوڕێکانی کـە پێکەوەن، نازانن لە کوێدان کە لە ناکاو چل کەشتی لێیان نزیک دەکەونەوە. شازادە و یارانی کە دەیانەوێت ناوونیشانی هاوڕێ ونبـــووەکـــانیـــان و شـــوێن و ڕێی خـــۆیان لە کـەشتییـەکـان بپرسن، بە دیتنی دیمەنی کـەشتییـەکـان تروسکاییەک دەکەوێتە دڵیانەوە، بەڵام لە ناکاو لە هەر کەشتییەک سێ سەد سواری زەنگی دادەبەزن کە ئامادەی غـارەتی کـاروانەکـان و جـەنگن، زەنگییـەکـان هەر کـە چاویان بە شازادە و هاوڕێکانی دەکەوێت، هێرش دەکەنە سەریان و شـەڕێکی قـورس لەسـەر دەریاکـەدا دەست پێ دەکات:

**کرن جەنگینێ شوور و گورز و نێزە**

**بوو حەشر و نەشر و ڕۆژێ ڕەستەخێزە**

**لهەڤ خستن وەکی شێر و پلنگان**

**ب گورز و نێزە و شوور و کولنگان**

**ژ بەر دەربێ ڕم و سینانێ زەهراب**

**دبێن بوو دەریایێ خوون ئەو دەریا و ئەو ئاب**

ئەگەرچی ژمارەی زەنگییە ڕەشپێستەکان گەلێک زیاتر بوو، بەڵام شـازادە و هاوڕێکانی نەترسانە لەگـەڵیـان بە شـەڕ دێن و کـۆمـەڵێکیـان لێ دەکـوژن، بە جـۆرێک کـە زەنگییـەکـان سەریان لە جـەنگاوەری و ئازایی شـەهزادە سـوور دەمـێنێت، لە دواییـدا کـە تەنیـا دوو کـەس لە هاوڕێکانی شازادە دەمێننەوە، زەنگییەکان هێرش دەکەنە سەریان و قۆڵبەستکراو وەک خەڵاتێک دەیانبەن بۆ لای میری زەنگییـەکان، لە دەرباری پاشـای زەنگییـەکـاندا کـچی میـری زەنگیـان بە دیتنی سـەیفولمولووک عـاشقی دەبێت، بۆیە ئەو و هاوڕێکانی دەنێرێتە باخێکی خۆش و بۆ ماوەی حـەفتـەیەک میـوانداریـیان دەکات، ئینجا ئەو کچە بەدڕەفتـار و ناشـیرینە خـۆی دەڕازێنێـتەوە و ڕازی عەشقە ناپاکەکەی خۆی لە لای شازادە دەدرکێنێت و پێی دەڵێت:

**تە ئەز دیم و نەدی تە ژ من مرادە**

**مە دا دەستوورە تە ئەی شاهزادە**

**ب بێ ترسی وەرە تو وێ ب دلخواز**

**ژ من مەقسوود بگرە ئەی سەرەفراز**

بەڵام شـازادە کـە ئەوینی کـچی شـەهبـاڵی لە دڵدایە، داواکەی دەداتە دواوە و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کچی شای زەنگی تووڕە ببێت و فەرمان بدات کە شازادە و دوو هاوڕێکەی ببـەن و ئەشکەنجـەیان بدەن و کـاری سـەخـتـیـان پێ بکەن، شـازادە و دوو هاوڕێکەی بۆ مـاوەیەک ئازارێکی زۆر دەدرێن ، بە جـۆرێک کـە تام و ڕەنگی خۆشییان لە بیر دەچێتەوە، تا دەرفەتێکیان بۆ دەڕەخسێت و دەتوانن سواری کەشتی ببن و هەڵبێن، لە دوای بیست شەو و ڕۆژ ڕێ پێوانی سەر دەریا، چاویان بە دوورگەیەک دەکەوێت کە میوەی جۆراوجۆری تێدایە و لەوێ دادەبەزن و لە میوەکان دەخۆن، کاتێک شەو دادێت لە ترسی گیانلەبەرانی دڕندە دەڕۆنە سەر دارێکی بەرز، کە شەو دادێت گەلێک جانەوەری جۆراوجۆر و نامۆ لە هێلانەکـانیـان دێنە دەر، سـیـاهپـۆش ئاوا باسی ئەم جانەوەرانە دەکات:

**وەکی شەڤ تاری بوو دیتن جەناوەر**

**ژ بەحرێ دەرکەتن بێ حەدد و دەفتەر**

**چو بەڤر و هەرچ و گورگ و ڕووبەه و وەحش**

**دخوارن وان فەواکیه با دلێ خوەش**

**دگەر بەعزێ جەناوەر شیبهەتێ مەرد**

**ل سەر ئاڤێ دچوون خۆش خۆش وەکی عەرد**

**دگەر بەعزێ دهاتن ئەو ب تەعجیل**

**ب گازی وان دهات تەسبیح و تەهلیل**

**دگەر بەعزێ ژ چەنگ و نایە و ساز**

**گەلەک خۆشتر بوو سەوت و دەنگ و ئاواز**

**دگەر بەعزێ میسالێ شێرێ شەرزە**

**ژ دەنگێ وان دهات عالەم ب لەرزە**

شازادە و هاوڕێکانی لە ترسی ئەو هەمـوو جانەوەرە تا ڕۆژهەڵات بەسـەر دارەکـەوە مـانەوە، بە هەڵهـاتنی خـۆر گـیـانلەبەرەکـان بڵاوەیان کـرد و شـازادە و هاوڕێکانی توانیـان بڕۆنەوە ناو کەشـتـیـەکـەیان و دیسـان بە ڕێ بکەونەوە، ئەوان ئەم جـارە بۆ مـاوەی چل شـەو بەسـەر شەپۆلی دەریاوە بوون، کاتێک کە ئیتر هیچ خۆراکێکیان لا نەمـابوو، بە دوورگـەیەکی تر دەگـەن و بە هیـوای دۆزینەوەی خـۆراک و شـوێنێک بۆ حـەسـانەوە لەوێ دادەبەزن، دوورگـەکـە پڕ لە داری بەرداری جـۆراوجـۆر دەبێت، لە سێو و هەنارەوە تا ترێ و هەنجیر، بۆنی خۆش و دیمەنی جوانی ڕێحـانە و وەنەوشـە و سـەدان گـوڵی تر

شـازاده و دوو هاوڕێکەی سـەرخـۆش دەکـات. سـەیر و سەمەرەی دوورگەکە بەمە دوایی نایەت و دەیان درەختی جۆراوجۆر و سـەرسوڕهێنەری تێدا دەبێت، دارێک ئاواز دەخوێنێت، دارێک پێدەکەنێت، دارێک گەڵاکانی وەک چرا دەگرێن، سێ پیاوەکە لە دوورگەکەدا خەریکی گەڕان و تەمـاشـا دەبن کـە چەند کـەسی نەناسـراو پەلامـاریان دەدەن و دوو خـزمـەتکارەکـەی شـازادە دەڕفـێنن، بەڵام هێـزیان بەسـەر شـازادەدا ناشکێت و دەردەچن، شـازادە دەکەوێتە شوێنیـان تا بە شارێکی سەیر دەگات، شارێک کە خەڵکەکەی جەستەیان وەک مرۆڤە، بەڵام سەریان لە سـەگ دەچێت! لەوێ سـەگـسـەرەکـان دەوری دەگـرن و بە دیلی بۆ لای مـیـری سـەگـسـەران دەیبـەن. لەوێ شـازادە دەبینێت کە پاشای شـاری «بۆزەنگ» خۆی لە تۆرەمەی مـرۆڤە و زۆر سـەری سوڕ دەمـێنێت. پاشا پێشـوازی لە شازادەی غـەریب دەکات و لە دوای تێر و تەیار کردنی، چیـرۆکی خـۆی بۆ دەگـێـڕێتـەوە و دەڵێت: "من کـوڕی پاشـایەک بووم و بۆ کـاری بازرگـانی بە ئەم دەریایەدا تێـدەپەڕیم. کـەشـتـیـیـەکـەم لە تۆفـانێکدا شکا و ئەم سەگسەرانە منیان دۆزییەوە. سەگسەرە بۆزەنگییەکان بۆ خـۆیان حکومـەتێکیـان هەیە و تەنیـا مـرۆڤ دەکـەن بە پاشای وڵاتەکـەیان، لەو کـاتەشدا کە منیـان دۆزییـەوە پاشا پێشـووەکەیان مـردبوو و سەریان لێ شێـوابوو، من لەگەڵ کچی پاشا پێشـووەکەیاندا زەماوەندم کرد و بووم بە میری بۆزەنگییەکان."

شـازادەش بەسـەرهاتی خـۆی بۆ مـیــری بۆزەنگ دەگێڕێتەوە، بەڵام لێرەشدا هیچ کەس ناوونیشـانی باخی ئیرەم و شەهباڵ نازانێت، بە هەرحاڵ میر بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیـو شازادە لە لای خۆی ڕادەگرێت و ڕێزی زۆری بۆ دادەنێت. شـازادە لەم مـاوەیەدا ئەگـەرچی ئازارەکـانی سـەفـەری لە بیـر دەچێـتـەوە، بەڵام زامی عـیـشـقـەکـەی تەشـەنە دەکـاتەوە و بیـری یارانی لە دەسـتـچـوو و سـەعدوملووکی دەکـەوێتەوە، بۆیە مـاڵئـاوایی لە مـیری بۆزەنگ دەکات و ئەو دوورگـەیە بە جێ دەهێـڵـێت، سێ پیـاوەکە لە دوای مـاوەیەک ڕێگە پێـوان، دوورگـەیەکی تـریان بـەرچاو دەکـــــەوێت و لا دەدەن. لەوێش دار و درەختی سەیر و ڕەنگین، گەلێک سەرنجیان ڕادەکێشێت کە لە ناکـاو باڵندەیەکی هەرە گەورە پەیدا دەبێت و دوو هاوڕێکەی شازادە بە چنگ بەرز دەکاتەوە! شازادەش باز دەدات و چنگی پەلەوەرەکـە دەگـرێت و مـەلەکـە هەر سێکیـان دەڕفـێنێت و بەسەر دەریای بێ بنیات دەبات تا لە دوورگەیەکی تردا دەگاتە هێلانەکەی خۆی، شازادە کە بە هەواوە لە هۆش خـۆی چووبوو، بە هۆش دێتــەوە و دەبـینێت کــە باڵندەکـــە هەردوو هاوڕێکەی بە چنگ هەڵدڕیوە، بۆیە دەست دەداتە خـەنجـەر کـە پەلامـاری باڵندەکە بدات، لە ناکـاو مـارێکی ئەژدەها ڕەنگ پەیدا دەبێت، مـارێکی سـامناک کە سیـاهپـۆش ئاوا وەسـفی دەکات:

**ژ دەنگێ وی دلەرزین عەرش و کورسی**
**ب ئەنفاسێ دکێشا گا و ماسی**

باڵندەکـە هەڵمـەت دەبات کـە مـارەکـە بگرێت، بەڵام دەرەقـەتی نایەت و مـارەکە ئەو و دوو خـزمـەتکارەکـەی شازادە دەخوات و دەڕوات. شازادە لە دوای ئەمە تاک و تەنیـا دەمـێنێتەوە و لەو دوورگـەیەدا بۆ مـاوەی پێنج شەو و ڕۆژ بە برسـیـەتی ڕێ دەپێـوێت، بە جـۆرێک کە تەواو بێـحـاڵ دەبێت، دەسـتی بە هیچ کـوێ ناگـات، مـەگـەر دامانی زاتی ئەحەدییەت. جا لە دوای پاڕانەوەیەکی زۆر لە دەرگـای خـودا تووشی دارێکی هەنجـیـر دەبێت و لە بەرەکـەی دەخـوات، ئینجـا چاوی بە قـەسـرێکی بەرز و شـاهانە دەکـەوێت کـە هیچ پاسـەوانێکی نیـیــە. بە پلەکـانیدا سـەردەکـەوێت و دەچێتـە ژوورێ، دەبینێت کە دیوی ژوورەوەی قـەسـرەکـەش بە گـەلێک نەخشـونیگار ڕازاوەتەوە و سـەدان جۆر پەلەوەری دەنگخۆشی تێدایە، هەروەها چل پەنجـەرە و دەرگـای زێڕین و جـەواهیـربەند دەوری قەسرەکەیان گرتووە، شازادە بە دیتنی ئەمانە واقی وڕ دەمـێنێت و گـەرمی سـەیرکـردن دەبێت کـە لە ناکـاو پەردەیەکی ئەتڵـەسی دەبینێت. دەڕواتە پێـشـــەوە و پەردەکە لادەدات، دەبینێت لە پشت پەردەکەوە تەختێکی گـەوهەربەند دانراوە کـە کـچێکی زێدە جـوان لە سـەری ڕاکشاوە. سیاهپۆش ئاوەها وەسفی کیژەکە دەکات:

**لەتیف و نازک و مەحبووب و دلکەش**
**خومار و مەست و دلدار و پەریوەش**
**جەبین بەدر و دوو ئەبروو قەوسێ تاری**
**سیەه زلف و چەشم مەست و خوماری**
**شەکەرخا لەب، دەهەن خونچە، دوو بوستان(١)**
**چو نارنج و بە قەد سەروێ گولستان**

سـەیفولملووک هەرچی بانگ لە کیژەکە دەکات لە خەو

هەڵناسێت، جا دەبینێت کە لە ژووری سەربییەوە دەلاقەیەک هەیە و لە پاڵ دەلاقەکەدا بە خەتێکی سەیر، چەند دێڕێک نووسراوە، کە دەیەوێت تەختەکە بگوێزێتەوە، نووسراوەکە بخوێنێتەوە، لە ناکاو کچەکە لە خەو دادەچڵەکێت، کە تەختەکە نزیک دەلاقەکە دەکاتەوە کچەکە بێ هۆش دەکەوێتەوە، جا دەزانێت کە کچەکە تەلیسم کراوە، بۆیە تەختەکە لە قەسرەکە دێنێتە دەرەوە و کچە شۆخەکە لە خەو هەڵدەستێت. شازادە لە ناوونیشانی دەپرسێت و کچەکە بەم جۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ شازادە دەگێڕێتەوە:

"ئێمە دوو خوشک بووین، مەلکەجەمال و بەدرەجەمال، کچی شای سەرەندیب کە پێکەوە بە شادی دەژیاین، ڕۆژێک لە ڕۆژان باڵندەیەکی گەورە منی ڕفاند و لە خوشکەکەمی جیا کردەوە و بە بێ هۆشی لەسەر ئەم تەختە جێی هێشتم. کاتێک کە هۆشم هاتەوە سەر، خۆم دی کە لاوێکی جوانخاس لە پاڵمدا ڕاوەستاوە و دەڵێت: مەترسە ئەی یاری شۆخوشەنگ و دڵ بە دڵی من بدە کە من نەک بە دڵێک بە هەزار دڵ عاشقی تۆ بووم! من کوڕی شای پەریانی قولزومم و ئەم قەسرەش بە دەستی پەریان ساز کراوە و مرۆڤ قەت ناگاتە ئێرە، بۆیە تۆش باوک و دایک و یارانی خۆت لە بیر بکە و ببە بە یاری من. ئەو هەرچی تەمەنناى وەسڵی کرد، من مەیلی فیراقم کرد و ڕەدم کردەوە، بۆیە ڕقی داگیرسا و تەلیسمی کردم، ئیستەش هەموو مانگێک جارێک دێتەوە ئەم قەسرە و لە خەو هەڵمدەستێنێت و خۆراکی جۆراوجۆرم پێ دەدات و ئاواتی وەسڵم لێ دەخوازێت و منیش قبووڵی ناکەم و دیسان بە جێم دەهێڵێتەوە، ئیستە دە ساڵە کە حاڵی من بەم جۆرەیە."

شازادەش بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و لە عیشقی کچی پاشای شەهباڵ و ون بوونی سەعدولملووک بۆی دەدوێت، مەلکە کە ناوی کچی شەهباڵی دەبیسێت، ئاهێک هەڵدەکێشێت و دەڵێت ئەی شازادە مزگێنیم بدەرێ کە ناوونیشانی کچی شەهباڵ دەزانم. ئێمە ڕاستییەکەی لە سەرەندیب سێ خوشک بووین، من و بەدرە لە دایک و بابێک بووین، بەڵام بەدیعولجەمال پەریزاد بوو. لەو کاتەدا کە دایکم بە بەدرە دووگیان بوو، لە باخەکەماندا خێوەتی هەڵدابوو کە لەوێ منداڵەکەی ببێت، کە بەدرە بوو، ژنێکی بەژن و باڵا جوان و خۆش سیما هات بۆ لای دایکم، کە دایکم لێی پرسی تۆ چیت و کێیت؟ گوتی من پەریزادەم و ژنی پاشای شەهباڵی ئێرەمم، من یەک حەفتەیە لەم باخەی ئێوەدا مەقامم کردووە و خودا ئێستە کچێکی خنجیلانەی پێ بەخشیوم، ئینجا بەدرەی لە دەستی دایکم سەند و لە مەمکانی خۆی شیری پێ دا، جا وتی من دەبێ بڕۆمە سەفەرێک و ئەم کیژەی خۆم تا گەڕانەوە لە لای تۆ دادەنێم کە ژنێکی خانەدانی، تا شیری پێ بدەیت، سیاهپۆش لە چەند بەیتێکدا ئاوا باسی دیمەنی شیر خواردنی بەدیعولجەمال دەکات:

**وەکی پشکوژێ زەر بوو گوێ بوستان**
**وەلێ بوستان وەکی نارنجێ بۆستان(٢)**
**سەرێ پشکوژێ دا سەر خونچەیێ گول**
**ژ عیشقان بوو خومار و مەست بلبل**
**ب سەد ناز و تەنەعموم لەعلێ شەککەر**
**دمژیا شیر و مەی ئەز حەوزێ کەوسەر**

کچەکە درێژە بە چیرۆکەکەی دەدات: "دایکم بە شاژنی پەریانی گوت کە خۆشەویستی ئەم منداڵەت ڕۆشتووەتە دڵمەوە، بۆیە حەز دەکەم دواتر هەر چەند ماوەیەک، جارێک بیهێنیت کە چاوم پێی بکەوێت، ژنەکەی شای شەهباڵیش بەڵێنی دا کە مانگێ جارێک بەدیع بهێنێت بۆ لامان." شازادە کە ئەم حیکایەتەی بیست، گەشایەوە و زانی کە پێویستە ڕێگەیەک بۆ ڕزگار کردنی مەلکە جەمال لە دەستی ئەو پەریزادە زاڵمە بدۆزێتەوە تا شایەد بە عیشقەکەی خۆیشی بگات، بۆیە پرسی: "ڕوحی ئەم پەریزادە لە کوێیە؟" مەلکە وەڵامی دایەوە کە لە ژێر زمانی ئەم پەرییەم کێشاوەتەوە کە پەریزادێکی دەریاییە و گیانی لە سندووقێکدایە لە ژێر ئوقیانووسدا و هەرگیز دەستی مرۆڤی پێ ناگات، مەگەر ئەوەی کە کەسێک ئەنگوستیلەی پێ بێت و بەو جۆرە بتوانێت ئەو سندووقە لە ژێر ئاوی زەریا دەربهێنێت، شازادە گوتی من ئەنگوستیلەم پێیە و دەتوانین بەم جۆرە ئەو پەریزادە بێ فەڕە بکوژین، بۆیە دووبەدوو ڕۆیشتنە سەر دەریا و بە کۆمەکی ئەنگوستیلەکە سندووقەکەیان لە ژێر ئاو دەرکێشا و بازیان دا و گیانی پەرییەکە لە سندووقەکە دەرچوو، جا هەردوو ڕێ کەوتن کە بگەڕێنەوە بۆ باخی سەرەندیب.

شازادە بەلەمێک ساز دەکات و پڕی دەکەن لە خۆراک

و زێڕ و زیو و ڕێ دەکەون. دوای چەند مانگ ڕێ پێوان، خۆراکیان پێ نامێنێت. بە ئیرادەی خوا بایەکی توند هەڵدەکات و بەلەمەکەیان ڕێگەی چەند ساڵە بە چەند ڕۆژ دەپێوێت و دەگەنە دوورگەیەک کە داری بەردار و خۆراکی زۆری لێیە، لەوێ کەشتییەکەیان پڕ لە میوە دەکەن و ڕێ دەکەونەوە. لە ڕێدا ماسییەکی هەرە گەورەی سامناک پەلاماریان دەدات و دەیەوێت بە کەشتییەکەوە قووتیان بدات کە شازادە ئازایانە بە شمشێر لەگەڵی بە شەڕ دێت و دەیکوژێت. دوای ئەمە کەشتییەکەیان لە دوورگەیەکی دیکەدا دەوەستێتەوە، لەوێ چەند کەس دەبینن و لە ناوونیشانیان دەپرسن، ئەو چەند کەسە وەڵام دەدەنەوە کە خەڵکی شاری واستن و خەراج بە شای سەرەندیب دەدەن، مەلکە بە بیستنی ئەمە خۆشحاڵ دەبێت چون حاکمە دادپەروەرەکەی شاری واست مامەکەی خۆیەتی، بۆیە لەگەڵ ئەو پیاوانەدا دەچنەوە بۆ شاری واست.

لەوێ تاجولملووکی مامی بەخێرهاتنی گەرمیان دەکات و لەبەر دیتنەوەی دووبارەی کچی براکەی شاییەک دەگێڕێت. شازادە سەیفولملووک و مەلکەجەمال بۆ ماوەیەک لە لای تاجولملووک دەمێننەوە، ئینجا لەگەڵ کاروانێکدا بەرەو سەرەندیب دەچن. هەواڵ بۆ شای سەرەندیب دەنێرن کە کیژەکەت دۆزراوەتەوە و لەگەڵ براکەتدا دێن بۆ سەرەندیب. خەڵکی شارەکەش بەم هەواڵە دەزانن و هەموو بە تێکڕا دێن بە پیری شازادە نازدارەکەیانەوە. شا و شاژنی سەرەندیب بە دیتنەوەی کچەکەیان شاد دەبنەوە و زەماوەندێکی گەورە دەگێڕن. شای سەرەندیب گەلێک سپاسی سەیفولملووک دەکات بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی و داوای لێ دەکات کە لە سەرەندیب بمێنێتەوە و ببێت بە واریسی تاج و تەختەکەی ئەو، شازادە سەیفولملووک و شای سەرەندیب دەبن بە دوو هاوڕێ و لە ڕابواردن و ڕاو و مەینۆشیدا پێکەوە دەبن، ئەگەرچی شازادە لە دەرباری سەرەندیبدا ڕێزی زۆری لێ دەگیرا و هاوپیاڵەی گەوران و هاوبەزمی دڵبەران بوو، بەڵام بیری یارە گیانیەکەی، واتە سەعدولملووک تاوێک بەرۆکی بەر نەدەدا:

**نەبوو خالی ژ فیکرێ وان شەب و ڕۆژ**
**ژ حال و محبەتا وان شاهێ فەیرۆز**
**گەهی شەهزادە دلخۆش بوو ژ دلدار**
**گەهی پڕ غەم ژ هیجرێ یارێ غەمخوار**
**گەهی کر وی تەمەننایێ سەفایێ**
**گەهی پڕ غەم ژ هیجرێ پڕجەفایێ**
**گەهی زەوقێ تەمەننایێ ویسالێ**
**گەهی مەحزوون ژ هیجرانێ هلالێ**
**گەهی مەسروورێ جام و خەمر و بادە**
**گەهی غەمبارێ سەعدێ بێ مرادە**

پاشای سەرەندیبیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر شەیدای ڕەوشتی بەرز و چالاکی و جەنگاوەریی شازادە دەبوو، ڕۆژێک کە شازادە لەگەڵ پاشا بۆ ڕاو دەچێت، لە شوێنێکدا لاوێک دەبینێت کە شێوەی لە سەعدولملووک دەچێت، فەرمان دەدات بە غوڵامەکانی کە بیبەنەوە بۆ دەربار و تا گەڕانەوەی ئەو خزمەتی بکەن. کاتێک کە لە گەڕانەوەدا شازادە ناوونیشانی لاوەکە دەپرسێت، دەڵێت: "من ناوم سەعدولملووکە و لەگەڵ شازادە سەیفولملووکدا هاوسەفەر بووم کە یەکترمان ون کرد. ئێستەش بە شوێن ئەودا دەگەڕێم." جا شکات دەکات کە بۆچی منی غەریبتان گرتووە ؟ سیاهپۆش بەم جۆرە باسی چاوپێکەوتنەوەی ئەو دووانە و وەڵامدانەوەی شازادە دەکات:

**گۆت: "سەعدا تو بزان شەهزادەیێ تەم**
**ژ دل ئیرۆ ژ غەم ئازادەیێ تەم"**
**دو عاشق بوونە ئەو با هەم ڕەسیدە**
**ژ وەسلێ یەکدگەر بوون ئارەمیدە**
**ب سەر وان چوو جەفا و ڕەنج و میحنەت**
**ژ وەسلێ یەکدگەر بوون شاد و ڕاحەت**

ئینجا شازادە سەعد بە شای سەرەندیب و ئەهلی دەربار دەناسێنێت و بە بۆنەی بە یەک گەیشتنەوەی ئەم دوو لاوە، گۆبەندێک دەگێڕێت. لە دوای گەلێک بەزم و شادی و مەینۆشی، شازادە داوا لە سەعد دەکات کە بەسەرهاتی ئەم ماوەیەی خۆی بگێڕێتەوە، سەعدیش ئازارەکانی سەفەرەکەی بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: "لە دوای ئەوەی کە با و بارانە سەختەکە من و تۆی لە یەک جیا کردەوە، تەنیا من لە کەشتییەکەدا مامەوە و چەند ڕۆژ بەسەر دەریایاندا دەچووم تا ئەوەی کە گەیشتمە دوورگەیەک کە تەنیا داری سرینچکی تێدا بوو. ئەوەندە سرینچکم خواردبوو کە حاڵم خەریک بوو خراپ دەبوو، بۆیە ئەو شوێنەم بەجێ هێشت و ڕێی دەریام گرتە بەر. لە

دەریادا سەدان جۆر ماسی و گیانلەبەری سەیرم بینی، ئینجا گەیشتمە دوورگەیەک کە گەلێک میوەی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو، لەو میوانەم خوارد و نووستم. کاتێک کە لە خەودا بووم، کۆمەڵێک کە بە جەستە مرۆڤ و بەسەر بەراز بوون بە دیلی گرتمیان. ماوەیەک دیلی ئەوان بووم و جێگە و خۆراکم زۆر ناخۆش بوو، ڕۆژێک منیان خستە ناو قەفەسێکەوە کە بە دیاری بۆ لای کەسێک بمبەن. لە ڕێگەدا گەیشتین بە ئاوێک، ئاگایان لە قەفەسەکەی من نەبوو کە ئاو من و قەفەسەکەی برد. بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئاودا چووم تا چەند زەنگییەک گرتمیانەوە و لە ئاو دەریانهێنام. خستمیانە کەشتییەک کە بۆ لای میری زەنگییەکان بمبەن، بەڵام لە ڕێدا کەشتییەکەیان تووشی تۆفان بوو و بە تێکشکاوی گەیشتە شاری عومان. لەوێ عومانییەکان هێرشیان کردە سەر زەنگییەکان و هەموویان کوشتن، مانگێک لە عوممان مامەوە، ئینجا لەگەڵ کاروانێکدا بەرەو سەرەندیب بەڕێ کەوتم کە لێرە یەکترمان بینییەوە."

شازادەش بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ سەعد گێڕایەوە. سەعد پرسی کە ئایا توانیویەتی نیشانێک لە باخی ئیرەم و کچی شەهباڵ بدۆزێتەوە؟ لێرەدا مەلکە دێتە جواب و بەسەرهاتی خۆی بۆ سەعد دەگێڕێتەوە و دەڵێت مژدەم پێ بدەن کە بڕیار وایە کچی شای شەهباڵ تا سێ ڕۆژی تر بۆ باخەکەمان بێت.

ڕۆژەکان تێپەڕین و ئاخری بەدیعولجەمال لەگەڵ هەزاران پەریدا گەیشتنە بەرەوە و لە باخی سەرەندیبدا خێوەتیان هەڵدا. هەڵبەت سیاهپۆش ئەم یەک دێڕەی بە دەیان بەیت دەربڕیوە و هەوڵی داوە بەم جۆرە فەزاسازی بۆ ئەو ساتە تایبەتەی هاتنی مەعشووق بکات:

**سەعاتەک بوونە مەشغوول ئەو ژ بادە**
**نەزەر کر دیت هاتن سینە سادە**
**کی یەعنی دلبەراییێن ماهێ پەیکەر**
**لەتیف و نازک و مەحبووب و دلبەر**
**ب ڕەف ڕەف تا تێن ئەو تەشبیهێ قازان**
**گەلەک خۆشتر بوو دەنگێ وان ژ سازان**
**میسالێ کەبک و تاووس و کەبووتەر**
**تژی کر باخێ سەر وەردێن ئەحمەر**
**ژ مەهتابێ ڕوخێ پەریانێ سادە**
**نەزەرباز بوون سەعد و شاهزادە**

**ژ بۆنا سەرووبانوویێ سیمینبەر**
**ڤەگرتن چادرێ ژ دیبایێ ئەخدەر**
**تێ ڕاخستن فراشێ ئەتلەسێ زوود**
**معەتتەر کر ژ بێهنێ عەنبەر و عوود**

بەدیعولجەمال ڕووی لە خێوەتەکەی بەدرە کرد و بە دیتنی سەرسام بوو و پرسی کە چۆن لە دەستی ئەو پەریزادە بێ فەڕە نەجاتی بووە؟ بەدرەیش چیرۆکی هاتنی شازادەی سەرتاپێ بۆ گێڕایەوە. لە ناکاو دەنگی ئاوازێکی خۆش بەرز بووەوە و کچی شەهباڵ پرسی کە خاوەنی ئەم دەنگە خۆشە کێیە؟

**چ خوەش دەنگە دیێتە من هەر پەیاپەی؟**
**ژ وێ سەوتی دلێ مریان دبت حەی**
**گو ئەو شەهزادەیێ وەک دوررێ مەکنوون**
**دناڤ بەحران خلاس کرد مەلکە خاتوون**

وەڵام درایەوە کە ئەوە هەمان شازادەیە کە مەلکەی لە پێلی دەریایان ڕزگار کرد، بۆیە بەدیع لەگەڵ دوو خوشکەکەدا پێکەوە چوون کە گوێ لە دەنگی بگرن و دییان کە شازادە مەستی بادەی خۆشەویستی بووە و ئەم غەزەلە بە دەنگی خۆش دەخوێنێتەوە:

**سوهتم ب عەشقێ نارێ حووبێ بەدیعولجەمال**
**پەروانەڕەنگ ژ شەمعێ سوهتن ل من پەر و بال**
**هەتا بت عومرێ باقی، چاڤنێرم جام و ساقی**
**یا زەهرێ جامێ فیرقەت، یا قەترەیێ ئەز ویسال**
**جامێ فیراقێ ئەز کرم، سەرتا بە پێ "سیاهپۆش"**
**یارەب ڤەخودم قەترەیێ وەسلێ بەدیعولجەمال(٣)**

کچی شەهباڵ کە ئەم دەنگ و ڕەنگەی بیست و بینی، هەر لەوێدا بە خەدەنگی عیشقی ڕاستەقینەی شازادە بریندار بوو. ئەو کە بە بیستنی ئەم چیرۆکانە سەرسام بووبوو و بۆنی ئەوینی شازادەی بیستبوو، شەو خەوی لێ نەکەوت و داوای لە بەدرە کرد کە بەسەرهاتەکەی خۆی بە درێژی بۆ بگێڕێتەوە:

**مسەلسەل بەدرەیێ زلفێن معەنبەر**
**ژ هەڤ بشکافت و عالەم بوو معەتتەر**
**حیکایەت کر ژ عاسم ئیبنێ سەفوان**
**ژ ئەنگوستیل و ئیرسال کر سولەیمان**
**ژ وێ شۆخێ یەمانی سینەسادە**
**ژ فیکر و عیلم و عەقلێ شاهزادە**
**ژ شکل و سوورەت و لیباسێ مەزکوور**

**ژ عاشق بوونێ میرێ مەست و مەخموور**
**ژ دەردێ محبەت و زاری و ئەفغان**
**ژ دەستوورێ شەه و کەشتییێ بەحران**
**ژ مێهڤانداریێ فەغفوور و خاقان**
**ژ با و غەرق و هیجرانێ عوشاقان**
**ژ چەنگێ زەنگیان و بیننێ کەفتار**
**ژ سەروەحش و ژ قەدرێ شاهێ سەگسار**
**ژ تەیر و هەردوو هەڤال و ژ ئەژدەر**
**ژ دەرد و میحنەت و قەسرێ ل بن زەر**
**کو تێدا مەلکە و قەتلێ پەریزاد**
**ژ ماسی و ژ تاجێ ئەم بە ئیجاد**
**ژ داخل بوونێ وی شەهرێ سەرەندیب**
**ژ سەعدێ دلکەش و پرناز و تەرغیب**
**یەکایەک کر حیکایەت عەنبەرین خال**
**وەلێ زێدە ژ عەشقا بیننێ شەهباڵ**

ئینجا بەدرە داوای لە بەدیع کرد کە خۆی بە شازادە بنوێنێت و وتی کە ئەمە نەک هەر ویستی شازادەیە، بەڵکو داخوازیی خۆی باوک و دایکی و خوشکەکەشیەتی. کچی شەهباڵ ئەگەرچی بێ مەیل نەبوو، بەڵام نازی هێنایە پێشەوە و گوتی:

**پەری و ئادەمی قەد جوفت نابن**
**د ناڤ وان دە گەلێک پەردە و حیجابن**

وتیشی کە ڕەنگە باوک و دایکم حەز نەکەن و چیتر نەهێڵن بێمەوە باخی سەرەندیب، بەڵام مەلکە دڵنیای کردەوە کە بە جۆرێکی نهێنێ هەلێک دەڕەخسێنێت کە ئەو دوو عاشقە یەکتر ببینن. کچی شەهباڵ بەڵێنی دا و گوتی کە دەیەوێت بنوێت، بەڵام شەو لە دەردی ئەوین خەو نەهاتە چاوەکانی و بێ ئیختیار ڕووی لە چادرەکەی شازادە سەیفولملووک کرد و گوێی بۆ ئاوازەکەی شل کرد کە ئەم غەزەلەی دەخوێندەوە:

**ئەلا ئەی ساقیا شیرین، وەرین جامێ ژ مەیا ئالە**
**ل من ئیرۆ قەوی ب غەدرن بەر و زلف و خەت و خالە**
**شەرابێ ئەرغەوانی بین، د جامەک زەرنشانی بین**
**قەرار و سەبر و تاقەت چوون ژ عەشقێ بیننێ شەهباڵە**
**نەهن من قووەت و تاقەت، ژ باغێ ئیرەم و وەسلەت**
**ئەگەر بم حەیدەرێ غازی وە یا خود ڕوستەمێ زالە**
**ژ لەعلێ قاسیدێ دلبەر، سەحەرگەه هاتە مزگینێ**
**پەریوەش تێنە سەیرانە، د باخێ وەرد و هەلهالە**

**ب ڕەف ڕەف سیی و قاز و کەو، ب چاڤێن خوە مە دیت هاتن**
**دنێ پر بوو ژ وی ڕەنگێ و سەدایێ تەوق و خەلخالە**
**ژ دەنگێ وان مشەووەش بووم، خەراب و مەست و بێهەش بووم**
**مە گۆت سەد جار بخێر بێن ئەو ب سەر چاڤێ د من خالە**
**"سیاهپۆش" و بریندارم و چاڤنێر و تەلەبکارم**
**ژ دەستێ ساقیا مەهوەش دو فنجانان مەیێ ئالە**

بەدیع لەو دیوی چادرەکەوە بە دزییەوە سەیری شازادەی دەکرد و ئەو دەنگ و ڕەنگە وەهای کرد کە ئاگری ئەوینەکەی زیاتر بڵێسە بکێشێت. ماوەیەک لە شەو تێپەڕی و شازادە لە ساز و ئاواز ماندوو بوو. لە چادرەکەی هاتە دەرێ کە کتوپڕ چاوی بە کچی شەهباڵ کەوت و ڕوخساری خۆشەویستەکەی ناسییەوە و هەستی بزوا و ئەم غەزەلەی خوێندەوە:

**ئەی نوورێ دوو دیدەی منی مەستانەیێ مەخموور**
**وەی ڕوح و حەیاتێ دلێ دیوانەیێ مەهجوور**
**ئەی حەیکەرێ ئەمواتێ لەبێ عیسیێ مەریەم**
**وەی مووسیێ عیمران و موناجاتێ ل سەر توور**
**چل ڕۆژێ تەمام کر مە ژ عەهدێ تە ڕیازەت**
**رازیم ژ جەمالت ب شەهابێ قەبەسێ نوور**
**هەتا ب ئەبەد سەرخۆش و حەیران بی "سیاهپۆش"**
**مەیخوارەیێ جامێ لەبێ شەهکاسەیێ فەرفوور**

دوو ئەویندارەکە بە یەک دەگەن و سیاهپۆش بەم جۆرە بە یەک گەیشتن و عیشقبازی ئەو دووانە وەسف دەکات:

**نەرم ڕوونشت ل بالێ یوو هلانی**
**سەرێ دلبەر ل سەر زەندێ خوە دانی**
**شیرین شەهزادە دانین لێڤ ل لێڤی**
**ب دەستێ ڕاستە گرت لیمۆن و سێڤی**
**ژ عەشقێ دل دنێری وەجهێ دلدار**
**دگەل شادی دگۆتن قەول و ئەشعار**

واتە شازادە ئەم غەزەلەی دەخوێندەوە:

**ئەی خونچەلەبا تالیبێ دیدارێ تووەم ئەز**
**چاڤنێرێ لەب و لەعلێ شەکەرباریێ تووەم ئەز**
**تالیب نە بە مەیخانەمە بۆ زەوق و دلێ خوەش**
**عاشق ب دوو چاڤێ مەس و خومماریێ تووەم ئەز**
**ئەی گول ڤەکە چاڤان و ببین بلبلێ عاشق**
**قوربانێ دو زولفێ وەکی شەهماریێ تووەم ئەز**

**ئەڵڵا! چ ب ئەرزان تو ب دەستێم کەتی ئیرۆ**
**با جان و حەیات و ڕوح بریندارێ تووەم ئەز**
**من زوو تە دخوەستی ژ مەکانەک وەهە خالی**
**وەعدەک بدەتی عاشقێ گوفتارێ تووەم ئەز**
**یەک بووسە ژ لەعلێ لەبێ جانبەخشە بە من بەخش**
**بە ڕوح و حەیات و دلێ بیمارێ تووەم ئەز**
**ئەڤ دەولەتێ باقی ب "سیاهپۆش" خوەدێ دا**
**چاڤنێرێ لەب و لەعلێ شەکەرباری تووەم ئەز**

بەڵام دوای ئەوە بەدیع ڕووی لە سەیفولمللووک پۆشی و وتی ویسـاڵی من و تۆ قـەد دەست نادات و پەری و ئادەمی هەرگیز پێکەوە نایانگرێت. بەدیع ئەگەرچی بە هەزار دڵ عاشقی شازادە بووبوو، بەڵام نازی دەفرۆشت و دەیویست ڕاست و درۆیی عەشقەکەی تاقی بکاتەوە، بەڵام شازادە داوای کرد کە بە جێی نەهێڵێت و سوێندی دا بەو شیـرەی کـە لە مـەمکی شـاژنی سـەرەندیب خواردوویەتی، بەدیع گوتی کە بە شتێکی ئازیز سوێندت دام و دەوەستم و گـوێ لە قسـەکانت دەگرم، شازادەش تەواوی بەسەرهاتەکانی ڕێگەی ئەوینی بۆ گێـڕایەوە، بەدیع دیسـان وتیـیـەوە کە ئێـمە بۆ یەک نابین، هەروەها گوتی کە دڵبەران و جوانانی زۆر هەن کە دەتوانیت لەگەڵ ئەوان بیت، شازادە وتی کە من مـوویەکی تۆ بە هەمـوو دڵبەرانی عالەم نادەم، کچی شەهباڵ وەڵامی دایەوە کە من لێم ڕوون نییە کە ئایا عەشقەکەی تۆ ڕاستەقینەیە، یان نە، شازادە کە ئەمەی بیست خەنجەری دەرکێشا کە شاڕەگی خۆی ببڕێت، بەدیع کە ئەم دیمەنەی بینی زانی کە شـازادە عـاشـقی ڕاسـتـەقـینەیە و سفرەی دڵی لە لای کردەوە. پێی گوت کە منیش بە ئەوینی تۆ گرفتار بووم، بەڵام نازانم چۆن ئەم دەنگ و باسە بە دایک و بابم بڵێم، شازادە وتی من هەوڵی خۆم دەدەم و مـەلکە و بەدرەیش لەگەڵ دایکت قسە دەکەن، بێ گومان شاژنی شەهباڵ کە تامی عـەشـقی چەشـتـووە، کەسـێکی تێکەیشـتـووە و یارمـەتیـمـان دەدات، لە کـاتی کـازیوەدا عـاشق و مـەعـشـووق لە ترسی ئەغـیـار دەسـتـیـان لە قسـە و عیشقبازی هەڵگرت و کچی شەهباڵ بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە شاژنی شەهباڵ، واتە دایکی بەدیع، گـەیشـتـە باخی سەرەندیب. مـەلکە و بەدرە بە پیریـیـەوە چوون و بەخـێـرهاتنێکی شـاهانەی لێ کـرا و لە باخی سەرەندیبدا خێوەتی چەقاند. لە ناو چادرەکەی خۆیدا بوو کە دەنگی بەسۆزی شازادە گەیشت بە گوێی و پرسی کە ئەم زاتە کـێـیـە کـە بەم دەنگە خـۆشـەوە ئاوەها غـەزەلی خۆشەویستی دەخوێنێتەوە؟ بێ گومان کەسێکی بەڕێزە و من بە بێگانەی نازانم، مـەلکە و بەدرە وەڵامـیـان دایەوە کە ئەوە شازادە سەیفولمللووک، شازادەی میسر و شامە کە مـیـوانی ئێـمـەیە و گـەلێک لە ئاکـار و جـوامـێـریی ئەو، قـسـەیان بۆ شـاژن گـێـڕایەوە، جـا شـازادە بانگ کـرا و گـەیشـتـە خزمەتی شاژنی شەهباڵ و شاژن داوای لێ کرد کە غەزەلێکی بە دەنگی خۆش بۆ بخوێنێتەوە، شازادەیش ئەم شیعرانەی خوێندەوە:

**عاشق و دل کەر کرم، مەخموور و ئەبتەر کرم**
**بێ یار و هەمسەر کرم، عەشقێ بەدیعولجەمال**
**پەروانەڕەنگم ژ شەمع، نزارێ من جوملە جەمع**
**زێڕ کر ل چاهڤێ من دەمع، شەوقێ بەدیعولجەمال**
**سۆهتی دلێ زارێ ما، دلبەر و دلدارێ ما**
**پر دەدەت ئازارێ ما، حوببێ بەدیعولجەمال**
**چەشمەیێ چەشمێ پوراب، یارێ مە دی بێ حیجاب**
**ئاتەش و بەرقێ شەهاب، دل ل مە کر وەک کەباب**

سـەروبانوو شـاژنی شـەهبـاڵ زیاتر لە بەسـەرهاتی شـازادەی پرسی و دوو خـوشکەکـە زیاتریان پێ وت و درکاندیان کە عـاشقی بەدیعولجەمـال بووە. سەروبانوو زانی کە عەشقی شازادە ڕاستەقینەیە و دڵنەوایی دایەوە و گوتی کە دەبێت بزانین ئیرادەی پەروەردگار لەسەر چییە و پێـویسـتـە سـەبر بکات تا ئەو دەگـەڕێتـەوە وڵاتی شـەهبـاڵ. شـازادە شـاژنی سـوێند دا کـە چارەی دەردی عیشقی بکات و دیسان بەسەرهاتە پڕ دەرد و ڕەنجەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە.

شـاژن پێی دەڵێت عـاشـقی ڕاسـتـەقـینە دەبێت بۆ خۆشەویستی لە گیانیشی دریغ نەکات، شازادە وەڵامی دەداتەوە کە من بۆ گەیشتن بە یار ئامادەی گیانبازیم. سەروبانوو لە دوای قسـەی زیاتر لەگەڵ شازادە زۆرتر لە ئەوینە پاکەکەی دڵنیا دەبێتەوە و پێی دەڵێت کە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ باخی ئیرەم:

**مەکیشین خەم ژ ئیرۆ پێڤە یەکسەر**
**ژ ڕێیا حەق ئەزم هەر بۆ تە ڕەهبەر**

سبەی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا شاژن فەرمانی بە هەموو پەرییـەکـان دا کـە خـۆ ڕێک بخـەن کـە بۆ باخی ئیـرەم

بگەڕێنەوە و بە یەک جار حەوت هەزار پەری کە لە خزمەتی شاژن و بەدیعدا بوون، ئامادەی گەڕانەوە بوون، شاژنی شەهباڵ لەگەڵ شای سەرەندیب و بنەماڵەکەی خواحافیزی دەکات و سەیفیش لەگەڵ هاوڕێی گیانی خۆی سەعدوللووکدا. دوو پەریزاد، شازادە لەسەر پشتی خۆیان دادەنێن و هەمووی پەرییەکان بەرز بەرز بەرەو باخی ئیرەم هەڵدەفڕن و سەرەندیب بەجێ دەهێڵن، کە لە باخی ئیرەم نزیک دەبنەوە، پەرییەکان بە دیتنی زێدەکەیان شاد دەبنەوە و شازادە لە ژێر سێبەری دارسێوێک دادەنێن، لێرەدا سیاهپۆش دەڵێت:

**ب دەورانێ فەلەک قەت خۆش مەکن دل**
**گەهی گول نیسبەتە گاهی چو سونبل**
**گەهی ڕۆژ و سروور و خەمر و جامن**
**گەهی حوزن و گرین و هەم زولامن**

ئەم دوو بەیتە هۆشدارێکن بۆ ڕووداوێکی ناخۆش. لەناکاو چەند کەس کە شێوەیان لە خەڵکی ئیرەم ناچێت پەیدا دەبن و لە شازادە دەپرسن کە ئایا تۆ هەمان کەسیت کە پەریزادەکەت کوشت و مەلکەجەمالت لە دەستی ڕزگار کرد؟ شازادەش وەڵامی دەداتەوە: "بەڵێ، من هەر ئەو کەسەم." نامۆکان دەڵێن ئێمە لە لایەن شای شەهباڵەوە هاتووین، بۆیە دوامان بکەوە کە تۆ ببەین بۆ لای. شازادە کە ئەوەی بیست شوێنیان کەوت و ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە دوور کەوتنەوە، کتوپڕ پیاوەکان هێرش دەکەنە سەر شازادە و دەیگرن و کۆت و زنجیر لە دەست و پێی دەکەن و پێی دەڵێن کە هەڵمان خەڵەتاندیت و ئێمە خەڵکی قولزومین و هاتبووین کە تۆ بە دیلی بگرین. ئەو پەریزادەی کە تۆ کوشتت، شازادەی ئێمە بوو و ئێمە بۆ تۆڵە کردنەوە بە هەزاران هێرشمان کردە سەر زێدەکەی تۆ و گەلێک میر و بەگلەر و باوکان و دایکانمان کوشت، بەڵام تۆمان لەوێ نەبینی، لە ئاسمانەکاندا بە دووتدا دەگەڕاین و ئەمڕۆ لێرە چ ئاسان بەر دەستمان کەوتیت! شازادە کە ئەمەی بیست خرۆشا کە: "من ئەو پەریزادەم کوشتبوو، ئەو خەڵکە بێتاوانە بە چ گوناهێک کوژران؟"

قولزومییەکان بڕیاریان دا کە جارێ شازادە نەکوژن و لە زینداندا ڕایبگرن. شازادە لە زینداندا پەرۆش بوو چون دەستی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت، دەست بە داوێنی خودای "زانا و ئەقدەس" بوو و لە دەرگای خوا پاڕایەوە و وتی:

**ژ حوزن و دەردمەندی بوومە موزتەر**
**ئیلاهی! تو شەوا ڕەش کەی منەووەر**

دوعاکەی شازادە گیرا بوو و بەدیعولجەمال دڵەخورپەی پێ کەوت و داوای لە دایک و بابی کرد کە هەواڵێکی شازادە بزانن. شای شەهباڵ کە لەو ماوەیەدا، دەنگ و باسی شازادەی لە شاژن بیستبوو، وتی چل کەس لە قولزومەوە هاتوون و دەترسم پیلانێکیان بۆ شازادە بیێت، کاتێک کەسێکیان نارد کە هەواڵی شازادە بزانێت، زانیان چی ڕووی داوە و شاهی شەهباڵ وتی گیانی ئەو میوانەمان لە خەتەردایە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر سەربازی دلێر و بەدەستوبرددا بەرەو قولزوم بە ڕێ کەوت. سیاهپۆش ئاوەها باسی سەربازەکانی شەهباڵ دەکات:

**خرابێ وان وەکی ڕوستەم بزانن**
**ب دەنگ و ناڤ و زۆر وەک قەهرەمانن**
**ژ گورزێ وان دبن کۆه و جەبەل گەرد**
**ژ ڕەنگێ وان دبێن بوو لەرزەیێ عەرد**
**ژ نەهسەد مەن بوو گورزێ وان گرانی**
**سەرێ شوور و ڕمان زەهرابێ دانی**

پەرییەکانی شەهباڵ بۆ ڕزگار کردنی شازادە بەرەو قولزوم فڕین و هەواڵ بۆ شای قولزوم برا کە شای شەهباڵ لەگەڵ هەزاران سەربازدا گەمارۆی شارەکەیان داوە و دەشێ فریا بکەوێت. میری قولزومیش لە ماوەیەکی کەمدا لەشکرێکی گەورەی لە سوارچاکانی قولزوم پێکەوە نا و ئامادەی شەڕ بوو، سیاهپۆش دوو لەشکرەکە بە دوو دەریا دەشوبهێنێت و دیمەنی بە یەکدا دانیان ئاوەها وەسف دەکات:

**ل پاشان تەهلهەڤ بوون هەردوو دەریا**
**سەرێ تیر و ڕمان کۆر کر سورەییا**
**ب شوور و تیر و ڕم هەڤدوو دراندن**
**سەر و زەند و دوو دەست و پێ فراندن**
**ژ قەهرا تەهلهەڤ بوون ئاڤ و ئاتەش**
**ژ عەردێ تا فەلەک دوومان کرە ڕەش**
**دبێن ڕۆژەک بوو ئەو ڕۆژ شبهێ حەشرێ**
**ژ وەقتێ حەشرێ بوو تا ب نەشرێ**
**ژ واوەیلا و غولغول ڕەستەخێزە**
**د دەست وان دە شکستن گورز و نێزە**
**خوەدێ تەوفیق دا شاهێ ئیرەمزات**

**ژ ژۆر دا ئایەتێ "فتح قریب" هات**
**دگەل وێ ئایەتێ "نصر من الله"**
**دگۆ ڕوحانیان سەد بارک الله**

بەم جۆرە لەشکری ئیرەم بەسەر قولزومییەکاندا زاڵ دەبێت و شای قولزوم بەند دەکرێت و جواب بۆ سەروبانوو دەچێت و ئەو زۆر بەم مژدەیە دەگەشێتەوە:

**هلالا نوو بهیست ئەو قەول و گوفتە**
**ژ مەسرووری بوو وەک هەیڤا دوو هەفتە**

ئینجا شای ئیرەم لە شای قولزوم دەپرسێت کە بۆچی شازادەی بە ئەسیری گرتووە. مەگەر نەیزانیوە کە شازادە میوانی باخی ئیرەمە؟ شای قولزوم وەڵام دەداتەوە کە مرۆڤەکان هەموو وەک یەک بەدفەڕ و پیسن، بەڵام شای شەهباڵ وەڵام دەداتەوە کە ئادەمیزادەکان گەلێک پێغەمبەر و زانا و پیاوچاکیان تێدا بووە و شازادەیش کەسێکی زانا و جوامێرە کە سلێمانی پێغەمبەر تەئیدی کردووە و ئەگەر شازادە ئازاد نەکرێت، هێرش دەکاتە سەر شاری قولزوم و سەروەتەکەی تاڵان و شازادە ئازاد دەکات، بۆیە شای قولزوم بەڵێن دەدات کە شازادە ئازاد بکات. دواتر، گەلێک ڕێز لە شای ئیرەم گیرا و لەسەر تەختی ڕازاوە دانرا و فەرمان درا کە شازادە لە بەندیخانە دەربێت و جلوبەرگی شاهانەی لەبەر بکرێت. کۆڕێکی شایی بۆ شای ئیرەم و شازادە لە قولزومدا گیرا و ئیرەمییەکان لە دوای دوو هەفتە بە سەربەرزی دەگەڕانەوە باخی ئیرەم و کۆڕێکی شایی بۆ پێشوازی لەوان گیرا.

لە دوای گەڕانەوە بۆ باخی ئیرەم، شای ئیرەم کۆشکێکی بەرزی ڕازاوەی بە شازادە بەخشی. شازادە لە کۆشکەکەیدا گەلێک خزمەتکاری هەبوو و بە خۆشی ڕایدەبوارد، بەڵام پشکۆی ئەوین لە دڵیدا نەدەکوژایەوە و دەردی فیراق بەرۆکی بەر نەدەدا، ڕۆژێک بەدیع ڕێی خستە کۆشکی شازادە و عاشق و مەعشووق بە شاراوەیی عیشقبازییان کرد و باری فیراقیان سووک کرد. سیاهپۆش لە دوای وەسفی دیمەنی عیشقبازییەکە دەڵێت:

**خەرابییەک ژ وان سادر نەبوو قەت**
**نەکێشان کاتیبان جوز قەنجیێ خەت**
**ژ حالێ وان نەبوو قەد باخەبەر کەس**
**ژ غەیرێ خالقێ زانا و ئەقدەس**
**وەلێکن سەروبانوویێ دزانی**

**ب قەول و فیعلێ وان یارانێ جانی**

شاژنی شەهباڵ کە بەو دەنگ و باسەی دەزانی، دەچێتە لای شای شەهباڵ و پێی دەڵێت کە سەیف عاشقی کچەکەی ئێمە بووە و لەم ڕێگەیەدا گەلێک سەختیی کێشاوە و بەدیعیش دڵی لەگەڵیدایە و ئەمە تەقدیری خودا بووە کە ئەم دووانە یەکیان خۆش بوێت، بۆیە تکایە تۆیش یارمەتییان بدە کە بە یەکتر بگەن. شای شەهباڵ قسەکانی سەروبانووی بەدڵ دەبێت و ڕازی دەبێت کە ئەو دووانە بە یەک بگەیەنێت، بۆیە بۆ داوەتی زەماوەندی ئەو دووانە، نامەی بۆ پاشایانی گەورەی دەور و بەر نووسی کە بێنە باخی ئیرەم و شاییەک بەو بۆنەیەوە بگێڕن، سیاهپۆش زۆر بە درێژی باسی دیمەنی گۆڤەندەکە دەکات و دەڵێت:

**ژ چەرخێ هەشتەمین و عەرش و کورسی**
**هەتا هەفتەم زەمین و گا و ماسی**
**چقاسی کو هەبوون ئەنواعێ مەخلووق**
**عەبووس و دلبەر و عاشق و مەعشووق**
**جەمع بوون ئەڤ د نێڤ باخێ ئیرەمدا**
**ژ ئیلهامێ وەرەنگ کلکام ڕەقەم دا**

بەم جۆرە دە تەخت لە باخی ئیرەمدا بۆ دە پاشای گەورە دانرا. سیاهپۆش ناوی دە پاشاکە و ناوونیشانیان بە ڕیزی تەواوەوە دەهۆنێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەم ناوانە پشتگوێ دەخرێن، ئینجا شازادە سەیف بەخێرهاتنی هەموو شاکان دەکات و بە دەستی خۆی شەرابیان بۆ دەکاتە پیاڵەوە. سیاهپۆش دەڵێت:

**ب ئەمرێ شاه ل پاشان تاس و فینجان**
**گەراندن ساقیان سەر دەست و پەنجان**
**ژ ئەووەل دا ڤەخوارن شاه و میران**
**هەتا دەور هاتە مە ژار و فەقیران**
**ژ دەه فینجان کرن شەهزادە یەکرەنگ**
**ژ سەد ڕەنگی دنالی شیبهەتێ چەنگ**

ئینجا شای شەهباڵ کۆمەڵێک پرسیاری لە شازادە کرد کە تێگەیشتن و نوکتەزانیی هەڵسەنگێنێت. سیاهپۆش بەم جۆرە پرسیار و وەڵامەکان ڕیز دەکات:

**ژ دنیایێ بیێژە ئەی شیرین جان**
**چ نێزیکتر هەیە بۆ ئینس و بۆ جان؟**
**گۆ: "ئەی شاهەنشەهێ پرلوتف و ئیحسان**
**مرن نێزیکترە بۆ جینن و ئینسان"**

**د دوو دا ڕا گۆتی شەهبالێ شەهبالێ شیرینسور:**
**"ژ مێران و ژنان دا ئەو کەیێن پور؟"**
**گۆ: "ئەی شاهنشەهێ مەست و دلێران!**
**موعەیییەن پڕ ترن ژن هەر ژ مێران"**
**دگەر گۆ شاهزادێ مەست و سەفدور**
**"ژ مریان و ژ ساخان ئەو کی نە پور؟"**
**گۆ: "ئەی شاهێ تەبیبێ دەرد و داخان**
**موعەیییەن پڕترن مردی ژ ساخان"**
**شەهێ شەهبالْ گۆ ئەی میرێ سەرمەست**
**ژ ئەجسادان چ تشتە کەمتر و پەست؟**
**گۆ: "ئەی شاهێم! بەدەن جەسەد کو بێ نەفەس ما**
**ب پوولەک ناهێژا ئەو تەن عەبەس ما"**
**گۆ ئەی فەرزەند چیە پڕ تر د تەندا؟**
**گۆ ئەو شەککە د نێڤ جان و بەدەن دا"**
**گۆ:" ئێ بێتر چییە ئەز زەمهەریر سار؟**
**"گۆ:"ئەو بێهێڤی بوونا مەقسەد و کار!"**

هەموو میوانەکان بە نوکتەزانی و قسەخۆشیی شازادە سەرسام بوون. پاشای شەهبالْ لە پێش چاوی هەموو پاشاکاندا شازادە سەیفولملووکی بە زاوای خۆی قبوولْ کرد و بووک و زاوا لە یەکتری مارە بران. سیاهپۆش ئینجا بە وردی باسی بە یەکگەشتنی بووک و زاوا و چێژوەرگرتنی ئەو عاشق و مەعشووقە دەکات:

**سولەیمان نیسبەتێ بەلقیسێ سانی**
**جەواهیر کون کرن سرڕێ نیهانی**
**د دەریا زینەتێ ماسی غەرق بوو**
**بەدەخشان قەترە قەترە لێ فەرق بوو**

لە دوای ماوەیەک، ڕۆژێک شای شەهبالْ، شازادە بانگ دەکات و پێی دەڵێت کە دەزانم ماوەیەکە دووریی دایک و باوک و دیارەکەت دڵبریندارى کردوویت، بۆیە باشتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ شام و دڵی دایک و باوکت شاد بکەیتەوە، بۆیە خێرا کاروانێک لە خزمەتکاران لەگەڵ خەڵات و گەوهەری زۆردا بەرەو میسر و شام بەڕێ کەوتن کە شازادە و بەدیع ببەنەوە.

**د وێ گاڤێ کرن حازر ژ بۆ میر**
**ژ حەد زێدە نەوادیر و جەواهیر**
**ژ قەولێ ڕاوییانێ شیرین ئەخبار**
**هەزار عیفریت ل وێ مالێ کرن بار**
**هەزار شیرین غولامێ نیک مهەددەر**
**ل سەر تا پێ غەرق ئەز زێڕ و گەوهەر**
**هەزار دێ جارێ وەک ئافتابێ**
**ددان تەعنە ل ڕوویێ ماهتابێ**

بەدیع لەگەڵ باوک و دایکی خواحافیزی دەکات و بەرەو سەرەندیب بەڕێ دەکەوێت. لە شاری سەرەندیبدا خەڵک و تاجوللووک و بنەماڵەکەی پێشوازی لە کاروانەکە دەکەن. لە ماوەی مانەوەیان لە سەرەندیبدا، سەیف بەوە دەزانێت کە سەعدوللووکی هاوڕێی عاشقی مەلکەی کچی شای سەرەندیب بووە، بۆیە شازادە دەچێتە لای شای سەرەندیب و مەلکە بۆ سەعد خوازبێنی دەکات، بنەماڵەی سەرەندیب قبوولی دەکەن و زەماوەندێک بۆ سەعد و مەلکە دەگێڕێت. شازادە و بەدیع ماوەی سێ مانگ لە سەرەندیب دەمێننەوە. شای شەهبالْ و سەروبانوو کە بێتاقەتی کچەکەیان دەبن، دەگەنە سەرەندیب و لەوێدا بە دیداری کچەکەیان شاد دەبنەوە، ئینجا شازادە و بەدیع لەگەڵ سەعد و مەلکە ئیزن لە شاهان وەردەگرن و بەرەو زێدەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

هەواڵ بۆ شای عاسم دەبرێت کە شازادەی تاقانە گەڕاوەتەوە. شای عاسم خۆشحاڵ دەبێت و شوکرانەبژێری دەکات و چاو و دڵی بە دیتنی کوڕەکەی دەگەشێتەوە. سیاهپۆش لێرەدا بەم جۆرە چیرۆکەکە دوایی پێ دەهێنێت:

**مەرامێ وان کو حاسڵ بوو ب سوحبەت**
**ئەوە قەنج ئەم بکن قسسە تەمامەت**

**پەراوێز:**

**١- بوستان، پوستان یانی پستان، مەمک.**
**٢- مەمک.**
**٣- ئەمە هەمووی غەزەلەکە نییە.**

**سەرچاوە:**

**Siyahpos, (2011). "Seyf-ulMilûk û Bedî-ulCemal," (Amadekar: BedirxanAmedî), Nûbihar, Istanbul.**